## مەلا عیسام الدین شەفیعی

لە درێژەی ناوی شاعیرانی ناوچەی بۆکاندا، بێگومان گەلێک ناو هەن کە دەبێ باسیان لێوە بکرێت و هەواڵیان رابگەیێنرێت. بەداخەوە دورەوڵاتی و دەست رانەگەیشتن بە سەرچاوەی گرنگی ئەم کارانە - واتە خەڵک، دەرەتانی ئەوەم پێ نادات شوێنی شاعیرانی تر بە باشی هەڵبگرم.

ئەوەی ئاشکرا بێت و بزانرێت ئەوەیە کە مەلا عیسام الددینی شەفیعی یەک لە کەڵە شاعیرانی ناوچەکە بوە. مەلا عیسام الددین کوڕی "مەلا شەفیع"ە کە لە گوندی عەمباری نزیک بۆکان دەرسی بە فە قێیان گوتۆتە وە و بۆ نموونە، نەمر سەیفولقوزاتی قازی فە قێی ئەو بوە. بنەماڵەی "سیدقی"یەکانی مەهاباد و بۆکانیش لە برای مەلا شەفیع کەوتوونەتەوە و دەگەنەوە هەمان بنەماڵە.

ناوی مەلا عیسام الددین لە "ساڵنامەی مەهاباد" چاپی ساڵی ١٣٣٥ی کۆچی و هەروەها لە کتێبی "تاریخ مشاهیر کرد" ی نەمر بابا مەردوخ رۆحانی (بەرگی ٢ لاپەڕە ٣٢٧) و کتێبی "گلزار شاعران کردستان" ئامادە کردنی "سید عەبدولحمید حیرت سجادی" (ژمارە ١١٥ ی ئەم زنجیرەیە) دا ئاماژەی پێکراوە.

مەلا عیسام الددین، باوکی خوالێخۆشبوو مەلا ئەبووبەکری شەفیعی ئیمام جومعەی پێشووی بۆکان و باپیری شەهید دوکتۆر جەعفەر شەفیعی یە، لە ١٣٠٠ کۆچی مانگی لە گوندی عەمبار لە دایک بوە و لە ١٣٧٤ [= ١٩٥٤/٥٥ ؛] لە بۆکان کۆچی دوایی کردوە. شیعری کوردی و فارسی شاعیر هێشتا گردوکۆ نەکراون لە توێی بەرگێکدا بڵاو نەکراونەتەوە - کارێک کە پێویستە لە داهاتودا بکرێت.

مەلا عیسام الددین لە شیعرەکانی دا وەک شاعیرێکی خۆش مرخ و توانا خۆ دەنوێنێت، و بیروردی و ناسک خە یاڵی لە تایبەتمەندییەکانین.

ئەوەش چوارینەیەکی شیرین لەو شاعیرە بۆکانییە :

رۆح وا لە سەری لێومە بۆ ماچی دەمی تۆ

ناڵێم ئەوە سەودایە، کەمی من، کەرەمی تۆ

باڵات وەکو ئاڵایە لەژێر پەرچەمی زوڵفت

کێ بێ کە بە پێی خۆی نەیەتە ژێر عەلەمی تۆ

کاک برایمی فەرشی لە کتێبی ئینترنیتی "سەفەری خەیاڵی بۆ بۆکان" دا ئەم دێرانەی سەبارەت بە مەلا عیسام الددین نووسیوە :

"مەولەوی فارس دەڵێ :

بشنو از نی چون حکایت میکند          واز جدائیها شکایت میکند

مەلا عیسام الددین دەڵێ :

مشنو از نی، نالەاش از بی دلی است
بی دلان را عاقبت بی حاصلی است
بشنو از من شور عشقم در سر است
ناله عاشق نوای دیگر است .

[مەلا عیسام الددین] لەگەڵ سەماوەریشدا ئاوا دەدوێت :

مرا با سماور از ان سرخوش است
که چون من درونش پر از آتش است
دو همدرد و هم صحبت و هم نشین،
بنالیم از سینه آتشین.

سەبارەت بە "مەی" دەڵێ :

بەهار است و شادی لب جویبار
اگر می حرام است، چایی بیار."